


## سەروتار



# بەرەو هەرێمی کوردستانێکی نوێ

جەواد قادر

سیستەمی نێودەوڵەتی و بارودۆخی ناوچەی ئێمە لەبەردەم گۆڕانکاریی ڕیشەیی و فراواندان. گۆڕانی دیمۆگرافیی جیهانی، فرەجەمسەربوونی سیستەمی نێودەوڵەتی، قەیرانی وزە و دارایی، کۆرۆنا و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیا لە سەر خاکی ئۆکراینا لێکەوتە و هاوکات هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بارودۆخەن.

ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییە جیاوازەی ئێستا، کە بەرهەمی بەریەککەوتنی ڕوو لە هەڵکشانی جەمسەرەکانە (ڕۆژئاوا-چین)، مەرجی زۆر ڕوونی ئابووری، سیاسی و سەربازیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەو مەرجە جیاوازانە لاوازبوونی جیهانگەراییان (گلۆبالیزم) لێ کەوتووەتەوە و سیستەمی ئابوورییان بەرەو ململانێیەکی توندتر بردووە. ئەمە لەپێناو سەرچاوە نێوکیشوەرییەکانی وزە، بازاڕی کار و ناوچەی هەژموونندا (هاس و کوپچان: ٢٠٢١)

ناوچەی ئێمە لە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمی بە دوور نابێ، کە تێیدا گۆڕانکاریی دیمۆگرافی دەبێتە بناغەی دیاریکردنی توانای لایەنەکان. ئەم گۆڕانە ڕیشەییانە کۆمەڵێک دەرفەت و مەترسییان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەتوانێت ڕێڕەوی مێژوویی هەرێمەکە لە سەدەی بیستویەکدا دیاری بکەن. ئەم مەترسی و دەرفەتانە ڕاستەقینەن و لە یەک کاتدا دەتوانن کورد بخەنەوە ناو یان دەرەوەی مێژووی ئەم سەدەیەوە. (بلانش: ٢٠٢٣)

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوچەیەکی جیۆستراتیژیی گرنگدا هەڵکەوتووە و خاوەنی سەرچاوەی سروشتیی دەوڵەمەند و ڕێگای گونجاوی بازرگانییە و بۆ لەمەولایش دەکەوێتە ناو ڕکابەری و پێکدادانی جیهانییەوە. هاوکات هەرێمی کوردستان بەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی، زەمینەی گەورەی بۆ خۆپاراستن و بەهێزبوون، گەشەی زیاتر و مسۆگەرکردنی ئاسۆیەکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتووی هەیە. دابینکردنی هەلی کار و زەمینەی پێشکەوتن بۆ توێژی گەورەی گەنج دەبێتە ئەرکی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە.

مەرجی سەرکەوتن لەم پرۆسەیەدا بریتییە لە سەروەریی یاسا لە وڵاتەکەدا، بۆ ئەوەی تواناکانی حکوومەت بخرێنە خزمەت بەهێزکردنی ئابوورییەکی زیندوو و داهاتوو بۆ ئەم ژمارە زۆرەی گەنجان دابین بکات. سیستەمێکی یاساسەروەر لە توانایدا دەبێت ئابووریی کوردستان پێش بخات و بە ئابووریی جیهانییەوە گرێی بدات و، بەم شێوەیە زەمینەی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ هاوپەیمانان فەراهەمتر بکات. ڕەوتێکی لەم جۆرە، لە بەرامبەر نەیارانیدا هێز و توانای بەرگری و بەربەرچدانەوە دەداتە هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری ئەنستیتۆ مەبەستیەتی ببێتە هۆکارێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نیشتمانییانە، کە تێیدا سیاسەت پشت بە زانست ببەستێت.


## دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان



**سەرۆ قادر**
بەڕێوەبەری گشتیی ئەنستیتۆ



**د. نارین ئاکرەیی**
بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی توێژینەوە



**حوسێن کوردنەژاد**
بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئابووری



**د. هاشم ئەحمەدزادە**
بەڕێوەبەری پرۆگرامی فەرهەنگ و ئێتنیسیتە



**دونیا مەردان**
بەڕێوەبەری پرۆگرامی پرسە کۆمەڵایەتییەکان

## گۆڤاری ئەنستیتۆ

سەرنووسەر
**جەواد قادر**
جێگری سەرنووسەر
**نووری بێخاڵی**
بەڕێوەبەری تەکنیک و هونەری
**کامەران ئەحمەد عەزیز**
**دیاکۆ قەیومی**
ڕێکخستنەوەی زمان
**هێما نیازی حەمەعەزیز**